# زمان و زمانەوانی لە ڕۆژنامەگەریتییدا

زانکۆی سلێمانی
د. محەمەدی مەحوی
زانکۆی سلێمانی/ کۆلێژی زمان / بەشی زمانی کوردیی

## یەکەم: زمانەوانیی

پێویستە، بەرلەوەی خۆمان بە ڕۆژنامەگەریتییەوە خەریك بکەین، بزانین "زمانەوانیی" چییە. زانستی زمان لێکۆڵینەوەو پشکینینی زانستانەی ڕێمناسای زمانە. زمانەوان ئەو کەسەیە، کە خۆی بە زمان بە گشتیی یان بە زمانێکی تایبەتیی و بە دیاردەکانیانەوە خەریکدەکات[1]. مەبەست لە دیاردەکانی زمان، پەسنکردنی زمان و گشت پرۆسەکانی بەشە پێکهاتەکانی ڕێزمانەکەیەتی[2]، کە ڕستەسازیی و وشەسازیی و دەنگسازیی و واتاو واتالێکدانەوەن[3]. دەستوورو پرنسیپ و یاساکانی بەشەپێکهاتەکانی ڕێزمان، بنەمای دروستنووسین و ڕێنووس Orthography و خاڵبەندین[4]. کەواتە زمانەوانیی لە ڕۆژنامەگەرێتیدا، پسپۆریی تەواوە لە بەشەپێکهاتەکانی ڕێزماندا لەگەڵ شارەزاییەکی ورد لە دروستنووسین و ڕێنووس و خاڵبەندییدا؛ لەسەروو ئەمانەیشەوە بەکارهێنانی ڕاست و گونجاویان لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەت و شوێن و کاتی تایبەتیی خۆیاندا مەرجی بنەماین.

---

[1] پێناسەکە لەگەڵ ئەو پێناسانەو بۆچوونانەدا بەراورد بکە، کە لە پەرتووکەکەی John Lyons (1981) دا هاتوون!

[2] ڕێزمان لە تیۆرییەکەی چۆمسکیدا لە چوار بەشەپێکهاتە componente ی سەرەکیی پێکهاتووە، کە هەر یەکەیان ڕژێمێکی سەربەخۆیەو بەیەکەوە بەستراون و کار لەیەکتری دەکەن؛ بەشەپێکهاتەکانیش، بەشەپێکهاتەی ڕستەسازیی و وشەسازیی و دەنگسازیی و واتاو واتالێکدانەوەن؛ فۆنەیتیك، وەك زانستێکی یاریدەدەر، و پراگماتیك، لە دەرەوەی ئەو ڕێزمانەن (بڕوانە: چۆمسکی ١٩٨١، ١٩٨٢).

[3] پەسنکردنی یەکێك لە لایەنەکانی مۆرفۆلۆژیی ڕێزمانی کوردیی، یاسای کردن بە کۆی ناوە تاکەکانە (کوڕ / کوڕان؛ سیی / سییان)، یەکێك لە دیاردە مۆرفۆلۆژییەکانی سەر بەم یاسایە، یاسای بە کۆکردنی وەك کوڕ / کوڕگەل ؛ مێ / مێگەل ... ه. ڕیزبوونی S.O.V ی وشە لە ڕستەدا بەپێی یاسایەکی بنەڕەتیی ڕستەسازیی ڕێزمانەکەمانە؛ ڕیزبوونی S.V.O ی وشە لە ڕستەکانی تری زمانەکەماندا، دیاردەیەکی ڕستەسازییەو یاسایەکی تر هەڵیگواستووە. بەهەمان شێوە گۆڕینی کپیی و دەنگداریی لە کردارەکانی < کوشتم > و < دەکوژم > دا بەپێی یاسایەکی مۆرفۆفۆنۆلۆژییە، هەمان گۆڕانکاریی لە وشەکانی < هەشت > و < هەژدە > دا دیاردەیەکی فۆنۆلۆژییە.

[4] وشەی لێکدراو، لە ڕووی واتاو داڕشتەوە، وشەی سادەن؛ ئەم پرنسیپە مۆرفۆلۆژییە داوادەکات، وشە لێکدراوەکان بەسەریەکەوە بنووسرێن، بۆنموونە، وشەی ئاوێتەی "لەیەکدراو" بووە بە وشەی سادەی < لێکدراو > و بەسەریەکەوە دەنووسرێت؛ ئەو پرنسیپەشە بەسەرماندا دەسەپێنێت، < دایکوباوك >، < جێبەجێکردن >، < هەڵکەندن >، < لێکردنەوە >، < دەستبەسەر > بەسەریەکەوە بنووسین. پێشناوی /لە/، کە وەك /لە ... دا/ ناسراوە، جیاوازە لە کرداری < لێدان >؛ بۆیە لە ڕستەدا /دا/ ی کردارەکە لەگەڵ بەشی پێشەوەیدا نانووسین "نەوزاد لە سیروانی دا" و مۆرفێمی ئاوەڵکردارییە شوێنێکە، کە /دا/ کەیە، بە جیاو سەربەخۆ نانووسین "نەوزاد لە خوێندندا چالاکە".

## دووهەم: ئامرازەکانی ڕاگەیاندن[٥]

ۆژنامەگەرێتیی: ڕۆژنامەگەرێتیی چالاکیی کارتێکردن و ووروژاندن و بزواندن و گۆڕانکارییە، لە ڕێی ڕاگەیاندن و ۆکانی ڕاگەیاندنەوە. ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش ئەمانەن.

نێرەر (ڕۆژنامەگەر) ← کەناڵی پەیوەندیی ← وەرگر (جەماوەر)

ڕۆژنامەوانێکی وشیارو سەرکەوتوو، شارەزایی لە هەرسێ ئامرازەکەدا هەیەو بە ئاگاوە ڕفتار لە گەڵ هەر یەکێك لەوئامرازانە دەکات و لە کات و شوێنی خۆیاندا بەکاریان دەبات. گەشەکردنی کەناڵ، گەشەکردنی بیری مرۆڤەو بیرەکەیش تەکنەلۆژیی و زمان دەگرێتەوە؛ زمان و تەکنەلۆژیی بنەماکانی ڕاگەیاندنن. ئەگەر دۆخەکانی پرۆسەی گەشەکردنی ڕاگەیاندن "نووسین و گوتن لەگەڵ بینین و ئینتەرنێت" بن، ئەوا زمان لە گشت دۆخەکاندا لە بنەما سەرەکییەکانی ئەو گەشەکردنە دەژمێردرێت. ئەو کەناڵەی لە ڕۆژنامەگەرێتیدا بەکاردەبرێت، دوو جۆرە:

(ا) بەدەم (دەمیی؛ زمانی ئاخاوتن): بەشێوەیەکی سەرەکیی تەلەفزیۆن و ڕادیۆیە؛ بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاتەکانی چاوپێکەوتن و پرسیارو وەڵامە لە ئامارکردندا. ئاخاوتنی سەرکەوتوویش هەر بە دەمەو بە زمانی ئاخاوتنە.

(ب) بە نووسین (زمانی نووسین): ڕۆژنامەو گۆڤارو بەشەکانیان و ... هتد بە زمانی نووسینن.

١) زمانی نووسین

بە چاکی دەزانم، هەر لەسەرەتاوە ئاشکرای بکەم، کە بۆ هەموان، بەتایبەتیی بۆ ڕۆشنبیران =بۆ پسپۆڕان و مامۆستایان و خوێندکارانی بەشی زمانی کوردیی و بۆ ڕۆژنامەوانەکان و نووسەران و ئەدیبان=، زمانی نووسین و زمانی ئاخاوتن لە ڕووی دروستەو پێکهاتەوە جیاوازییان نییە[٦]؛ جیاوازییان بەتەنها لە فەرهەنگ و گەنجی وشەو چۆنیەتیی بەکارهێنانەکانیاندا هەیە. من بۆ ڕۆژنامەگەرێتیی زمانی ئاخاوتن و قسەکردن لە زمانی نووسین جیادەکەمەوەو قورسایی دەخەمەسەر زمانی نووسین و زمانی نووسین دەکەم بە کەرەستەی بابەتەکانی لێکۆڵینەوەکانم.

وەك سەرەتایەك دەڵێم، کە زمانی نووسین لە ناسینەوەی پەیوەندیی نێوان دەنگ (فۆنێم) و پیتەوە Graphematik[٧] دەستپێدەکات و دێتەسەر فەرهەنگ =وشەی سادەو ئاوێتە (داڕێژراوو لێکدراو) لەگەڵ لاگرەکان و دەستوورو یاساکانی وشەهەڵگواستن و وشەدروستکردن=، کە بەرامبەر بە فرێزو ڕستەو دەقەکانی نووسین دادەنرێن. زۆر گرنگە ڕۆژنامەوان شارەزاییەکی تەواوی لە لایەن و ڕووەکانی ئەو بوارو پێکهاتانە و دروستانەی زمانی دایکیدا هەبێت[٨].

---

[٥] محەمەد دلێر ئەمین محەمەد (١٩٩٩)

[٦] ئەوەیشم لا ئاشکرایە، کە زمانی ئاخاوتن و زمانی نووسین تەواو وەکیەك isomoroph نین.

[٧] Phonographem /Graphophonem /Graphem

[٨] بڕوانە: حەمەسەعید محەمەد (١٩٩٩)

دەبێت بشزانین، کە زمانی نووسینی ڕۆژنامە لە زمانی نووسینی گۆڤار جیاوازە. لە کاتێکدا ڕۆژنامە بەکاتەوە بەستراوەو دەبێت هەواڵەکان گەرماوگەرم بگەن، گۆڤار بەکاتەوە نەبەستراوەو گرنگ نییە هەواڵەکان کەی دەگەن[9]. بەشێوەیەکی سەرەکیی، ڕۆژنامە بە زمانی باڵا و بە زمانی چینەکانی کۆمەڵگا دەنووسرێت؛ زمانی ڕۆژنامە سادەیەو بۆ تێگەیشتنە؛ چونکە ڕۆژنامە بۆ کارتێکردن و بزواندنە، بەواتا بۆ گەیاندنی زانیارییە. زمانی نووسینی گۆڤار زمانی باڵایە. زمانی نووسینی ڕۆژنامەو زمانی نووسینی پەرتووکیش جیاوازن. لە زمانی نووسینی پەرتووکدا بایەخ بە شێوازو چۆنیەتیی نووسین دەدرێت و وردەکارییەکی تەواوە؛ زمانی پەرتووك زمانی کاری زانستانەو گریمان و بەڵگەو سەلماندن و داکۆکیکردنی زانستانەو تیۆریدروستکردنە. ڕەنگە زمانی نووسینی ڕۆژنامەو هەفتەنامەو مانگنامەو وەرزنامەیش بە پێی ناوەرۆك و مەبەست و بەستنەوەیان بە کاتەوە لەیەك نەچن. ئەگەر ئەمانە ڕاست بن، ئەوا زمانی نووسینی بەشەکانی ڕۆژنامەوانی =سەقفی سوحوفیی، هەواڵ، ستوون، ڕێپۆرتاژ، چاوپێکەوتن ... هتد= لەیەکەوە دوور دەبن؛ منیش هەروا چاوەڕێی ئەمە دەکەم.

ئەگەر کەمێك بە بوارەکانی زماندا ڕۆبچین و باش تر لێیان ورد ببینەوە، لامان ئاشکرادەبێت، کە فەرهەنگ le Lexicon و وشەنامە dictionery دوو جۆر لە گەنجی وشەیان تێدا کۆکراوەتەوە. لە فەرهەنگدایە، کە وشەکان و فەرهەنگی نەتەوەیەکی تێدا تۆمارکراوەو بیرو لۆژیك و بۆچوونی نەتەوەکەی تێدا لە لەناوچوون پارێزراوە. ئەوەی بەشێك لەو فەرهەنگەی تەواوکردووە، وشە بیانییەکانی وەك عارەبیی و تورکیی و ئینگلیزیین. بە درێژایی مێژوو هەوڵدراوە، زمانەکان لە وشە بیانییەکان پاك بکرێنەوە. بۆ نموونە، لە ساڵەکانی ١٩٢٠ و ١٩٤٠ ەوە پاکژکردنی زمانی کوردیی بۆیە کراوە، بۆ ئەوەی بسەلمێنرێت، کە زمانی کوردیی زمانێکی سەربەخۆیە؛ بۆ ئەم مەبەستەیش لێرەدا ناوی "جەمعییەی زانستی کوردیی" بەسەرپەرشتییکردنی پیرەمێرد دەبەین. بەڵام لەبەرئەوەی ئەمڕۆ بوونی سەربەخۆیی کورد وەك نەتەوەیەك ئاشکرایەو، زانستی زمان پێناسەی زمان وەك هۆیەکی گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتن دەکات، نە پێویست بەو سەلماندنە دەکات و نە پاککردنەوەی زمانیش داکۆکیی لێدەکرێت. ئێمە زمانەکەمان پاك ناکەینەوەو هەوڵ نادەین زمانەکەمان پوختەبکەین؛ کەواتە پێویستمان بەوە نییە، بەرنامەیەك بۆ پاکژکردنی بهێنینە گۆڕێوە. بەجێبەجێکردنی هەنگاوەکانی پرۆگرامی پاکژکردنی لەو چەشنەی سەرەوەی زمانەکەمان، زمانەکەمان هەژار دەکەین[10].

زانستی زمانی نوێباو "زمان" وەك هۆیەك بۆ گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتن پێناسەدەکات. وشە بیانییەکان گەنجی وشەی فەرهەنگەکەمان زەنگین و ڕەنگین دەکەن. ئەوەی لەسەرمانە، ئەوەیە کە ئەو وشە بیانیانە پۆلێن بکەین و لە سەرچاوەی جیادا (فەرهەنگی وشە بیانییەکان لە زمانی کوردییدا[11]) کۆبکەینەوەو تۆماریان بکەین. وشەی بیانیی

---

[9] محەمەد دلێر ئەمین محەمەد "بنەماکانی ڕۆژنامەگەریی" (٩/٢، ٩/٥ وە ١٩٩٩/٩/٦)

[10] بڕوانەو بەراوردی بکە لەگەڵ: نەوشیروان مستەفا (٨/٢٣، ٨/٢٨ وە ٢٠٠٠/٨/٣١)

[11] لەمێژەوەیە، لە زمانەکانی تردا لەم چەشنە فەرهەنگانە بۆ وشەبیانییەکان تەرخانکراون؛ نموونە بۆ ئەمەیش دوودنی ئەڵمانییە بۆ وشەبیانییەکانیان. من ئەو وشەهاوبەشەکانی کوردیی و فارسی وەك وشەی بیانی نانرخێنم و نایانخەمە ناو ئەو خانەیەوە؛ گەلێك هۆی

هەن، وشەی بیانیی ڕووتن و لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاردەبرێن؛ وشەو دەربڕاوەکانی وەك تەبعەن، لە حەقیقەتدا ... هتد، جێیان نابێتەوە لە فەرهەنگی باڵای زمانی کوردیدا. چەشنی دووهەمی وشەبیانییەکانی هێشتا لەسەر سنووری فەرهەنگە کوردییەکن و نەبوونەتە وشەی کوردیی فەرهەنگە باڵاکە، بە زۆریی لە ئاخاوتنی ڕۆژانەداو جاروباریش لە زمانی نووسین و زمانی ئەدەبیدا بەکاربراون. وشەی بیانیش هەن، کە بوونەتە وشەی سەربەخۆو بەبەهای فەرهەنگی باڵای زمانی کوردیی، لەمانە وشەی < تام>، < تانە > ... هتد باشترین نموونەن. وشەکان بە درێژایی گەشەکردنی مێژووی زمانی کوردیی، مەبەستمان دیاکرۆنییە، لە ڕێی گۆڕانکارییە مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی و سێمانتیکییەکانەوە لەگەڵ ئەم ڕژێمانەی ڕێزمانەکماندا گونجێنراون؛ ئەمڕۆ، بەواتا سینکرۆن، مۆرفۆلۆژیی و سینتاکس، کەواتە بەکارهێنانیان لەو دوو بەشەپێکهاتەیەدا، دەریدەخەن و دەیسەلمێنن، کام وشانە بوونەتە وشەی نۆێی فەرهەنگی کوردیی و کامانەیان هێشتا هەر لەسەر سنوورن و کامەنیشیان وشەی بیانیی ڕووتن.

زمانی نووسینمان بە کوردییە؛ ئا لێرەوەیە لەسەرمانە بزانین، کام جۆر یان چاکتر بڵێین، کام چەشن لە وشە بیانییەکان لە زمانی نووسینماندا بەکار ببەین؛ دیارە ئێمە ئەو وشەبیانیانە لە خزمەتی زمانی نووسینماندا بەکار دەهێنین، کە سەربەخۆ لە فەرهەنگی باڵای زمانی کوردیدا تۆمارکراون. کاتێك ئێمە "فەرهەنگی زاراوەکانی ڕۆژنامەگەرێتیی"مان ئامادەکردوو نووسییەوە، وشەبیانییەکانی سەر بەو پیشەیەیش لەو فەرهەنگەدا تۆماردەکەین.

ئێستا لاتان ئاشکرایە، بۆچی دەبێت ڕۆژنامەوان بگەڕێتەوە سەر چەند فەرهەنگێکی کوردیی جیاواز، کە ئەمانەن:

فەرهەنگی کوردیی/کوردیی (زمانی یالا)،

فەرهەنگی کوردیی/کوردیی (ئاخاوتنی ڕۆژانە)،

فەرهەنگی وشەبیانییەکانی زمانی کوردیی،

فەرهەنگی ڕۆژنامەگەرێتیی.

لە کۆتاییدا دەڵێم، کە ئاستی قووڵ و بنەڕەتی زمان بۆ زمانی نووسین تەرخانکراوە. بەدەگمەن ئاستی ڕووکەش بۆ زمانی نووسین بەکاربراوە؛ ئەگەر ئێمە بەم مۆدێلی ڕێزمانەی چۆمسکیی ڕازیبین و کاریی پێ بکەین، گرنگ نابێت، ئێمە کام ڕژێمی ئەلفوبێیەمان بۆ نووسینی زمانەکەمان هەڵبژاردووە یان هەڵدەبژێرین و لە خزمەتی خۆماندا بەکاری دەبەین.

٢) زمانی ئاخاوتن

ڕێم بدەن، گفتوگۆکانم بەم پرسیارە دەستپێ بکەم: بۆچی پێویستە زمانی ئاخاوتن و لەیەکگەیشتنمان بە کوردیی بێت؟ لێکدانەوەو توێژینەوەکانی زانستی زمانی نوێباو ئەو ئەنجامەیان داوە بەدەستەوە، کە زمان توانایەکی

---

زمانەوانیی هەن، ئەو وشانە، وەك وشەی بیانیی سەیر نەکرێن و وەك وشەی بیانیی مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت؛ وشەکان وشەی کوردیی و فارسین.

بیۆلۆژییەو زمانیش یەکێکە لە هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ[12]. ئێمەی کورد نەریت و خوو ڕەوشتمان کوردانەیـەو پێشمان خۆشە هەر کوردانە بمێننەوە، بۆیە هەوڵێکی باشیش بۆ ئەم مەبەستە دەدەین. ئاخاوتن لایـەنێکی ڕەفتـاری بـیری کوردایەتییە. کەواتە زمانەکەمان یەکێکە لە بنەمای ئەو لایەنـە؛ زمانەکـەیش، بـەواتا بـیرو لۆژیکەکـە، ئاسـتی قووڵـی زمانەکەمانە، کە لەلایەکەوە واتابنەڕەتیی و لێکدانەوەکانی ئاشکران، و لەلایـەکی تریشـەوە زمـانی باڵایـە. سـەرەڕای ئەمەیش، ئێمە لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەماندا بایەخ بەو زمانەباڵایەمان نادەین؛ زمانە باڵاکەمان پشـتگوێ خسـتووەو وەك هەڵسوکەوتێکی ڕاستەقینەو ڕاستەوخۆی کوردیی نای نرخێنین. لێرەدا مەبەستم لە قسەکەرانی زمانی کوردیی و بەتایبەتیی خوێندەوارو توێژی ڕۆشنبیریێتی. ئەم توێژەی کۆمـەڵگایش، وەك ڕەشـۆکی گەلەکـەمان، زمـانی ئاخـاوتنی ڕۆژانە بۆ گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتن لە خزمەتی خۆیاندا بەکار دەبەن. جێـی داخـە، کـە تـاوەکو ئـەمڕۆیش زمـانی ئەدەبیی و زمانی نووسینیشمان هەر بە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەیە. ئەمانەیش کارێکی وەهایان کردۆتەسەر هەندێك لـە زمانەوانەکان، کە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە بە زمانی باڵا لەقەڵەم بدەن.

ڕێم بدەن، جارێکی تریش دووبارەی بکەمەوە، کە ئێمەی کورد زۆر بە کەمتەرخەمییـەوە ئاسـتی ڕووکـەش و ڕواڵـەتی زمان لە ئاخاوتن و نووسیندا بەکاردەبەین و ئاستی قووڵ و بنەڕەتی زمانەکەمان فەرامۆشکردووە، بـەبێ ئـەوەی بیر لەوەبکەینەوە، کە زمان و بـەکاربردنی بەشـەکانی فەرهـەنگ، بـیرو هەڵسوکەوت دیـاریی و کۆنترۆڵدەکـەن. لەمـەیش ترسناك تر ئەوەیە، کە وشە بیانییەکان لەیەك جیاناکرێنەوەو هوشیارانە مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت و بـەئاگاوە بـەکار نابرێن.

ئەم لێکدانەوەو هەڵێنجانەی زانستی زمان، ڕاستییەکی بەرجەستەیەو سەلمێنراوە؛ چونکە پیاو بە کام زمانە بدوێـت، هەر بەو زمانیش بیردەکاتەوە؛ دیارو ئاشکرایە، کە هەر بەو زمان و بیرەیش هەڵسوکەوت دەکات. کاتێك ئێمە وشەی عارەبیی لە جێی وشەکردییەکانمان بەکاردەبەین، لەگەڵ تێپـەڕبوونی کـاتێکی دوورودرێـژدا دوو پرۆسـە بـەرپادەبن و دوو چشت دێنە گۆڕێوە: (ا) یان وشە عارەبییەکان واتای وشەکوردییەکان لە خۆیان کۆدەکەنەوەو کوردیش لە کـاتی بەکارهێنانیاندا وەك قسەکەرانی زمانی عارەبیی بەو وشانە بیردەکەنەوەو هەڵسوکەوت دەکەن؛ وشە عارەبییەکانیش لە ناو فەرهەنگدا تەنگ بە وشە کوردییەکانی بەرامبەریان هەڵدەچنن و جێی ئـەوان دەگرنـەوە. بـۆ نموونـە وشـەی < فقیر> ی فەرهەنگی زمانی عارەبیی جێی بە وشەی < هەژار > ی کوردیی لێژکردووەو لەبری ئـەو بـەکاردەبرێت. بۆیـە کاتێك دەگوترێت "ئەو هەژارە" ، ڕستەکە یەك واتا دەبەخشـێت و ئـەویش دەسـتکورتیی کەسـەکەیە؛ بـەڵام کـاتێك دەگوترێت "ئەو فەقیرە"، لە ڕستەکە دوو چشت تێدەگەین: ئەو کەسـە دەسـتکورتە یـان ئـەو کەسـە بەسـتەزمان و بێدەستەڵاتە. کـارتێکردنی زمانەکـە لەسـەر هەڵسوکەوتەکەمان لـە بـەکارهێنانی دوو وشـەکەدا بەرجەسـتەو ئاشـکرا دەبێت. ڕەنگە بۆ منیش و بۆ زۆر زانایانی تریش ئەمە لایەنی خراپـی ئـەم پرۆسـەیە بێـت. (ب) بـە پێچەوانەیشـەوە، گـەلێك جـار ڕوویـداوە، کـە واتاکـانی وشـە عارەبییـەکان لـە وشـە کوردییـەکانی بەرامبـەریان کۆبوونەتـەوەو خۆیـان ترنجاندۆتە ناو ئەندامەکانی وشەکوردییەکان و سامانی وشەی فەرهەنگەکەیەوە. ئەم لایەنەی وشە بیانییەکان گەنجی

---

[12] بڕوانە: چۆمسکی (١٩٦٥، ١٩٧٠، ١٩٧٥، ١٩٨١، ١٩٨٢)؛ حەمەسەعید محەمەد (١٩٩٩)

وشەی کوردیی زەنگین دەکات. ئەم دیاردەیەیان بووەتە هۆی گواستنەوەی فەرهەنگی عارەبیی و ئیسلامیی بۆ ناو فەرهەنگی زمانی کوردیی. ئەم دیاردەیەیان زۆر بە زەقیی خۆی لە زمانەکەماندا دەنوێنێت: لە فرێزێکی وەك "خوای گەورەدا" واتائاینییەکانی < کبیر > و < اکبر > ی عارەبیی کۆبوونەتەوە، کە دوورن لە گەورەیی قەوارەوە؛ وشەی < ژیر > ی کوردیی، واتای گەلێك لە وشە عارەبییەکانی وەك < عقل > < تعقل > و < عاقل > و < ادب > و < مودب > تێکەڵ بووە، کە لە ژیریی و ژیرێتیی و ژیربوونەوەدا دەبینرێنەووە .

لێکدانەوەی تا ئێستامان لەم وردەکاریی و وردبینییەدا ئەوە دەبێت، کە (ا) لەسەرمانە بە ئاگاوە وشەکان بەکار ببەین و (ب) تا دەکرێت وشە کوردییەکان کەرەستەی ئاخاوتن و نووسینمان بن و (پ) بزانین لە شوێن و کاتی خۆیدا، ئاستی قووڵی یان ئاستی ڕووکەشی زمانەکەمان بۆ نووسین و ئاخاوتنەکانمان هەڵ بژێرین. خاڵی سێ هەم دەمان باتەوە بۆ سەر بابەتە سەرەکییەکەمان و بەم پرسیارە دەست پێدەکات:

٢) پێویستە ئێمەی کورد بە کام کوردییە بنووسین؟[١٣]

هەڵسوکەوتی ڕۆشنبیران و توێژەکانی سەرەوەی هەر کۆمەڵگایەك لە هەڵسوکەوتی چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگاکە جیاوازە؛ مەبەستمان لە جیاوازییەکە، جیاوازیی لە جلوبەرگ و نەریتی کۆمەڵایەتیی و ڕەفتاری گشتیی چین و توێژو کەسەکاندا نییە؛ ئەو جیاوازییە خۆی لە زمانی ئاخاوتن و نووسینیاندا دەنوێنێت و تیایاندا بەرجەستەدەبێت. زمانی ئاخاوتن و نووسینی ڕۆشنبیران و توێژەکانی سەرەوەی کۆمەڵگا زمانی باڵاو پاراوو فەرهەنگ زەنگینە. بۆ جیاکردنەوەی ئەو زمانە باڵاو پاراوەو بەمەبەستی دیاریی و دەستنیشانکردنی، ئاماژەیەکمان بۆ فەرهەنگی باڵاو کەرەستەکانی کرد. کەرەستەکانی فەرهەنگ وشەو لاگرو دەستوورو یاسا مۆرفۆلۆژییەکانی زمان و ڕێزمانی کوردین، لە گەڵ ئەو وشە بیانیانەی وەك کەرەستەی سەربەخۆی زمانەکە، بە پێی دەستووری ئەلفوبێی کوردیی لەتەك وشەکانی تردا لە فەرهەنگدا ڕیزکراون و واتایان لێکدراوەتەوە دەربڕین و بەکارهێنانەکانیان خراونەتەڕوو. فەرهەنگی باڵاو ڕێزمانی باڵا، زمانی باڵا پێکدێن. ئەو شێوانە شێوەی مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژیی بنەڕەتیی وشەو کەرەستەکانن، کە لە فەرهەنگدا نووسراونەتەوەو تۆمارکراون. ئەم وشەو کەرەستانە لە شێوەی ئاستی قووڵ و بنەڕەتیاندا دەهێنرێنە ناو ڕستەوە؛ هەر ئەو وشانەن، کە یان وەك خۆیان دردەبڕێن (ئاستی قووڵ و فەرهەنگی باڵا) یان گۆڕانکاریی دەنگسازیی و فۆنەتیکییان بەسەردادێت و بەشێوەیەکی جیاواز لە ئاستی قووڵ دەردەبڕێن (ئاستی ڕووکەش و زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە).

بنەمای زمانی نووسین زمانی ئاخاوتنە. زمانی ئاخاوتنیش یان زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەیە یان زمانی ئاخاوتنی باڵایە. لێرەیشدا دەبێت بزانین، کە بۆ زمانی ئاخاوتن و زمانی نووسین دوو شێوەی زمانمان هەیە:

---

[١٣] بۆ ڕوونکردنەوەی زاراوەی خاڵەکانی ئەم بەشە، فەرهەنگی Metzler Lexikon: Sprache (1993) بەکاربردووەو بۆچوونەکانیم سەبارەت هەر زاراوەیەك بە بەس زانیووە.

١) دیالێکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردیی، کە کرمانجی سەروو وە خواروون لەگەڵ گۆران و زازاو زارو زارۆچکەکانیانن؛

٢) زمانی چینەکانی کۆمەڵگا.

یەککەمیان بابەتی دیالێکتۆلۆژیی[١٤] و دووهەمیان بابەتی زانستی زمانی کۆمەڵایەتییە[١٥]. لێرەوە لە زمانی باڵا دەدوێین؛ بەڵام بۆ ئەوەی باش تێی بگەین، چەند ڕوونکردنەوەیەك پێویستن:

## ١/٢) زمانی چینەکانی کۆمەڵگا

کۆمەڵگاکان هەمەچەشنەن و هەر کۆمەڵگایەك لە چەند چین و توێژێك پێکهاتووە؛ هەر چینێکیش زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە خۆی لە فەرهەنگی وشەو دارشتنی دروستەو پێکهاتەی ڕستەکانیاندا دەنوێنێت. لەم ڕێیەوەیە، کە زمانی ئاخاوتنی چینێك لە زمانی ئاخاوتنی چینێکی تر جیاوازە. جیاوازیی لە زاراوەکانیاندا ڕەنگە هێند گەورەبێت، کە قسەکەرانی چینێك گەلێك جار لە زاراوەو بەکارهێنانی زاراوەکانی چینێکی یان چەند چینێکی تر نەگەن و پرۆسەی گفتوگۆکردن و لەیەکگەشیتن لە نێوانیاندا سەرکەوتوو نەبێت.

بەم شێوەیە زانستی زمانی کۆمەڵایەتیی خۆی بە پەیوەندییەکانی نێوان زمانی کۆمەڵگاوە خەریکدەکات و لە گشت تایبەتییەکانی زمانی گرووپێکی یان چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵگایەك (دارتاشەکان، فیتەرەکان، بەرگدرووەکان ... هتد) دەکۆڵێتەوەو ڕۆژانە زمانەکەیان شیدەکاتەوەو پەسندەکات.

ئاشکرایە، کە جیاوازییەکانی زمانی ڕۆژانەی چینەکان بە شێوەیەکی سەرەکیی لە ڕووی فەرهەنگی وشەو بەکارهێنان و دەربڕینیانەوەیە؛ لەم ڕووەوەیە زمانی چینەکان لە دیالێکتە سەرەکییەکان لادەدەن و خۆیان لە زمانی باڵاوە دووردەخەنەوە. ئەگینا گشتیان یەك ڕێزمانیان هەیە و بە دەستووری یاساو مەرجەکانی یەك ڕێزمان کاردەکەن. کەواتە زمانی ڕۆژانەی چینەکان، جۆرو شێوە ئازادەکانی دیالێکتەکانن. زمانی چینەکانی کۆمەڵگا وەك دیالێکت سنووری ناوچەکەی نادیارە.

هەرچەندە ڕۆژنامەوان و بوێژو نووسەران تاوەکو ئەمڕۆیش زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە، بنەمای نووسینەکانیانن، بەڵام زمانی ڕۆژانەی چینەکانی کۆمەڵگا ناتوانرێت لەبەر گەلێك هۆو هەلومەرج وەك بنەمایەك بۆ زمانی باڵا هەڵ ببژێردرێت. ئەگەر خاوەنی زمانی باڵا بووین، ئەوا لاسایی نەتەوە پێشکەوتووکان دەکەینەوەو بە پێی پێویست و بە ئارەزوو ویستی خۆمان، بۆمان هەیە، بڵاوکراوەمان بە زمانی چینەتایبەتییەکان هەبێت و چێژێکی زۆریشیان لێ ببینین. ڕۆژنامەوان و بوێژەکانیش دەتوانن زۆر چاك و گونجاو بە زمانی چینێك، بۆ نموونە ئاخاوتنی ژنان، بنووسن؛ بەڵام دەبێت ئاشکرا ئاماژە بەوەبدەن، کە بەو زمانەو بۆ ئەو چینە نووسیویانە. ئەو جۆرە نووسینانە بۆ هەموان چێژێکی لە یاسابەدەری خۆیان هەیە؛ مەبەست و چێژەکەی جیاوازن لە مەبەست و چێژی هەندێك لە بەشەکانی

---

[١٤] بۆ نموونە، بڕوانە: W. Besch, U . Knoop et al (1982, 1983)

[١٥] بڕوانە: E. W.B. Hess-Lüttich (1987); R. Fasold (1984, 1990); R. Wardhauch (1986)

ڕۆژنامە، کە بە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە دەنووسرێن. چونکە ڕۆژنامەوانی سەرکەوتوو لەیەك کاتدا چینەکانی کۆمەڵگا سەبارەت بە کێشەیەك دەدوێنێت و دەیان بزوێنێت؛ بۆ ئەوەی نووسینەکەی کاریگەربێت، دەبێت خوێنەر لێی تێ بگات؛ بۆ ئەم مەبەستیشیان دەبێت بە زمانی خوێنەر بنووسێت. من لەم ئەنجامەدا دەمەوێت بڵێم، کە لە کات و شوێنی پێویستدا، زمانی چینەکان بۆ زمانی نووسین هەڵدەبژێرین.

## ٢/٣) دیالێکت و دیالێکتۆلۆژیی

زاراوەی دیالێکت، زاراوەیەکی یۆنانییە (دیالێکتیکۆس) و زمانی دەمەتەقێکردن و قسەکردنی ڕۆژانە دەگرێتەوە؛ شێوەیەکی تایبەتیی قسەکردن و تا ڕادەیەکیش هی نووسینە؛ شێوەیەکی تایبەتیی ناو زمانی نەتەوەیی و زمانی باڵاو زمانی یەکگرتووە. تایبەتکارییەکانی یان خەسڵەتە جیاکانی دیالێکت لە بەشەپێکهاتەکانی زماندان، کەواتە لە ئاستەکانی بەشەپێکهاتەکانی ڕێزماندان:

ئاستی دەنگ (فۆنۆلۆژیی یان فۆنەیتیك)،

ئاستی وشەسازیی (فەرهەنگ و مۆرفۆلۆژیی)،

ئاستی ڕستەسازیی، ئاستی ئیدیۆم، کە بەشەپێکهاتەکی سەربەخۆ نییە.

دیالێکت لە ڕووی فەرهەنگ و فۆنۆلۆژییەوە (ا) لە زمانی قسەکەرانی دیالێکتەکانی هەمان زمان لایداوەو (ب) بەشێوەیەکی سەرەکیی و تایبەتیی لە زمانی باڵاو سەردەم دوورکەوتۆتەوە. بۆ ڕوونکردنەوە بەمەبەستی تێگەیشتنێکی باشتر، بڕوانە ئەم نموونانە:

| زمانی فارسیی | کرمانجی ژووروو | کرمانجی خواروو |
|---|---|---|
| نام | ناڤ | ناو |
| چەشم | چاڤ | چاو |
| مەن | من / ئەز | من |
| سارد | سار | سارد |
| نووشیدەن | ڤەخارن | خواردنەوە |
| کوشتەشود | هاتە کوشتن | کوژرا |

زانستی زمانی نوێباو سەلماندوویەتیی و نموونەکانیش دەریدەخەن، کە دیالێکت بەجێبەجێکردنی یان جێبەجێ نەکردنی هەندێك لە یاساکانی بەشەپێکهاتەکانی ڕێزان دروستدەبن و دێنەکایەوە. بۆ نموونە دەنگەپاڵدراوی یان کۆنسۆنانتی /د/ لە کۆتایی برگەی بە دوو کۆنسۆنانت داخراودا لە دیالێکتی کرمانجی ژووروودا دەرنابڕدرێت؛ ئەو

کۆنسۆنانتە لە هەمان شوێنی فۆنۆلۆژیدا لە دیالێکتی کرمانجی خوارووا دەردەبڕێت[١٦]؛ بەمە هەردوو دیالێکتەکە لەیەك جیابوونەتەوە = بڕوانە: /سار/ /سارد/=. لەبەرئەوەی یاسا مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژییەکان لە ناوچەیەکدا پەکردەوە جێبەجێدەکرێن و لە ناوچەیەکی تردا جێبەجێ ناکرێن، سنووری جوگرافیی ناوچەی دیالێکتەکان دیارو ئاشکران. زۆر جاریش دیالێکت و زارەکان ناوی خێڵێك یان ناوی ئەمارەتێکیان هەڵگرتووە.
من بە چاکی دەزانم و پێویستیشە، بۆ هەر دیالێکتێك شێوەی باڵای زمانەکەی هەڵ بگوێزرێت و بایەخێکی تایبەتیی پێ بدرێت. ئەگەر ئێمەی کورد فەرهەنگێك و زمانێکی باڵا بۆ کرمانجی ژوورو وە فەرهەنگێك و زمانێکی باڵا بۆ کرمانجی خواروو گەشەپێ بدەین، ئەوا لەلایەکەوە دەتوانین لە ئاخاوتن و نووسیندا پەنا ببەینە بەریان و لەلایەکی تریشەوە رێگە بۆ لەیەکدان و موتوربەکردنی هەردووکیان خۆشدەکەین؛ ئەمەی دواییان گرانەو جێی پرسیار دەبێت. دیالێکت دەبێت بە زمانی باڵاو پاشانیش بۆ زمانی نووسین و ئاخاوتن بەکاردەبرێت.

### ٣/٣) زمانی باڵا

زاراوەی زمانی باڵا بەرامبەر بە یان بۆ (أ) زمانی ئەدەبیی و (ب) زمانی نووسین و (پ) زمانی سەردەم و (ت) زمانی یەکگرتوو بەکاربراوە؛ بۆیە هەر یەك لەو زمانانە بە زمانی باڵا ناسراوە. زمانی باڵا بەرزترین پلەی گەشەکردوی زمانەو زمانی چین و توێژەبەرزەکانی کۆمەڵگایە؛ چونکە زمانی باڵا وەك زمانی سەردەم، نوێباوەو هەمیشە تازەدەکرێتەوەو بایەخێکی زۆری پێدەدرێت و ئاستی کولتووری بەرزدەکرێتەوە.

### ٣/٣-١) زمانی نەتەوەیی

زاراوەی زمانی نەتەوەیی بەهەڵە بە واتای زمانی سەردەم یان زمانی شێوازبەند (رەسمیی) ی وڵاتێك ناسراوە؛ زمانی نەتەوەیی ئەو زمانە دەگرێتەوە، کە نەتەوەیەك پێی دەدوێت، وەك زمانی کوردیی بەگشت دیالێکت و زارو زارۆچکەکانییەوە، کە زمانی نەتەوەی کوردو پێناسەکەیەتی، یان وەك زمانی عارەبیی، کە زمانی هەموو گەلانی عەربە.

### ٣/٣-٢) زمانی ئەدەبیی

زمانی هەڵبەست و هۆنراوەیشی پێدەگوترێت و جۆرێکە لە جۆرەکانی زمانی شێوازبەند. زاراوەکە وشە بە وشەو بەم واتایەوە لە زمانی رووسییەوە بۆ زمانی ئەڵمانیی و زمانەکانی تر وەرگێڕاوەو وەرگیراوە. لەبەرئەوەی زاراوەی "زمانی سەردەم" دەربڕیین بە ئاخاوتن و بە نووسین دەبەخشێت، زاراوەی زمانی ئەدەبییش بەهەمان شێوە ئەو دوو واتایەی هەیە. ئەمە بووەتە هۆی ئەوەی، ئێمە خراپ یان چەوت لەو دوو زاراوەیە بگەین. چونکە لە بنەڕەتدا زمانی ئەدەبیی یان زمانی سەردەم لەسەرەتادا بە نووسین پەیدا دەبێت و گەشەدەکات و پاشانیش بە ئاخاوتن، زمانی ئەدەبیی لەگەڵ شێوەکانی تری زماندا، زمانی نەتەوەیی پێکدێنن.

---

[١٦] حەمەسەعید محەمەد (١٩٩١)

زمانی ئەدەبیی، لە ڕاستیدا، یاری پێدەکرێت و گەلێك جار لە زمانی باڵاو دەستوورەکانی لادەدات، بۆیەکە نابێت زمانی ئەدەبیی بۆ زمانی باڵا یان بۆ زمانی یەکگرتوو هەڵ ببژێردرێت. زمانی ئەدەبیی، یان زمانی هەڵبەست و هۆنراوە، بەشێکە لە زمانی نەتەوەیی کورد. بەڵام زمانی نووسین یان زمانی باڵای کوردیی نییە؛ ڕواڵەت و ڕووکەشی زمانەو یاریی پێکراوەو دوورە لە ئاستی قووڵ و بنەڕەتی زمان و ڕێزمانەوەو دەتوانرێت بگوترێت، کە ڕێزمانی ڕاستەقینە نییە. بۆیە بەهەڵەدا ناچین، کە بەداخەوە بڵێین، هەتاوەکو ئەمڕۆیش نووسەرو هۆنراوەبێژێکمان نەبووەو نییە، کە بە زمانی باڵای کوردیی نووسیبێتی. نووسەرو هۆنراوەبێژەکانمان دیالێکت و زارەکانی خۆیان بە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە، بەواتا لە ئاستی ڕووکەش و ڕواڵەتدا لە بەرهەمەکانیاندا بەکاربردووەو بەرهەمەکانیان خستۆتە بەردەستمان. زمانی ئەدەبیی بەتەنها لە ڕووی چەشن و زەنگینیی فەرهەنگ و شێوازو داڕشتنەوە لە زمانی ئاخاوتن جیادەکرێتەوە؛ بەڵام ئەم دوو زمانە لەوەدا یەکدەگرنەوەو نەبوون و نایشبن بە زمانی باڵا، کە هەردووکیان زمانیان لە ئاستی ڕواڵەت و ڕووکەشدا بەکاربردووەو بەکاری دەبەن. ئەم چەند نموونەیە، مشتێك لە خەرواری، ئەو پاشاگەردانیی و بێ سەروپێیەن. نیشانەی *، بۆ ئەوە لەسەر بەشە ناپەسەند یان دەستووربەدەرەکان دانراوە، کە ئەو بەشانە لەگەڵ نووسینە ڕێزمانییەکانیاندا بەراوردبکرێن.

کۆترو ڕاوکەر — شێخ سەلام

کۆترێکی جوان و خاڵ و مل نەخشین
پەڕو پۆ شین و قاچ و قول ڕەنگین
هێلانەیەکی گەرمکرد بەتووك *
پووشی بۆ هێنا بە نووکی دەنووك
لە سەرداریکی بەرزی گەڵادار
هێلانەو هێلکەو خۆی تیادا حەشار
دوو هێلکەی کردو کۆتر کەوتەکڕ*
پشتیوانی بوو دارستانی چڕ
ڕۆژێ ڕاوکەرێ بۆ ڕاوو شکار*
ورد ورد ئەگەڕا بندار بە بندار*

شێخ سەلام

هێلانەیەکی بەتووك گەرمکرد ؛ دوو هێلکەی کردو کڕکەوت؛ ڕۆژێك ڕاوکەرێك بۆ ڕاوو شکار؛ ورد ورد دەگەڕا بندار بەندار.

ئەولایەنانەی لەو چەشنەنانەی سەرەوەن و لەمۆزراوەو هەڵبەستەکاندا بەدیدەکرێن، سیمای سەرەکیی دارشتەو پەخشان و نووسراوەکانیشن؛ یان کردارەکان شوێنی بنەڕەتی خۆیان بەجێهێشتووەو لە شوێنی تر نیشتوونەتەوە، یان بەبێ ئەوەی هەستیان پێکردبێت، ڕواڵەت و ڕووکەشی زمانەکەیان بۆ نووسینەکانیان هەڵبژاردووەو فەرهەنگ و شێوازو دارشتنی ئەدەبیان بۆ بەکاربردوون[17]، یان کاری نووسینەکانیان بەو دوولایەنەوە بە ئەنجامگەیاندووە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم مەبەستەیش لەم نموونانە وردببنەوە !

لەرزوتا

... دەزگا تەندروستییەکان بۆ ئەوەی بزانن تا چ ڕادەیەك سەرکەوتوون لە هەڵمەتی قەلاچۆکردنی نەخۆشییەکەدا، هەندێك تیپی گەڕۆکیان تەرخانکردووە بۆ لێوەرگرتنی خوێنی هاوولاتیان و تاقیکردنەوەی خوێنەکانیان و گەڕان بەدوای ئەوانەدا، کە تووشی ئەم دەردە بوون؛ ... *

خوێندنەوەی کوردیی بۆ پۆلی شەش هەمی سەرەتایی

بۆئەوەی دەزگا تەندروستییەکان بزانن، تا چ ڕادەیەك لە هەڵمەتی قەلاچۆکردنی نەخۆشییەکەدا سەرکەوتوو هەندێك تیپی گەڕۆکیان بۆ لێوەرگرتنی خوێنی هاولاتیان و تاقیکردنەوەی خوێنەکانیان و گەڕان بەدوای ئەوانەدا، تووشی ئەم دەردەبوون، تەرخانکردووە؛ ...

سینەما

... هەندێك جار دەرهێنەر گەلێك وێنەی دیمەنی سەرسووڕهێنەر دەخاتە ناو فلیمەکەوە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینەران، کە لەگەڵ ڕاستیدا ناگونجێن ... *

خوێندنەوەی کوردیی بۆ پۆلی شەش هەمی سەرەتایی

... هەندێك جار دەرهێنەر گەلێك وێنەی دیمەنی سەرسووڕهێنەر بۆ ڕاکێشانی سەرنجی بینەران دەخاتە ناو فلیمەکەوە، کە لەگەڵ ڕاستیدا ناگونجێت ...

---

[1717] لە نیشانەو تایبەتمەندییەکانی زمانی ئەدەبیی، دارشتنی پڕ ئەندێشەو پرسۆزو وشەی ناسك و ئاوازخۆش و بەکارهێنانی مێتافەو لێکچوواندن، کە گەلێك جار لە بوونی ڕاستەقینەوە دوورن و بە هیچ جۆرێك یان زۆر بەدەگمەن لە زمانی زانستدا دەبینرێنەوە.

### ٣-٣/٣) زمانی نووسین

زمانی نووسین بەو زمانە دەگوترێت، کە خاوەنی شێوەیەکی نووسین[١٨] بێت و بە دەستوورو نەرێتەکانی دروستنووسین[١٩] و دروستنووسینی سەردەم Standard Orthography و خاڵبەندیی لە خزمەتکردنی ئەو کەسانەدا کاری پێ بکرێت، کە زمانەکە زمانی دایکیانە. زاراوەی زمانی نووسین دەبەسترێت بە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە؛ لەم بارەدا زمانی "زمانی نووسین" مەرجی بنەمایی و تەواوکەری زمانی "زمانی ئەدەبییە"[٢٠]. بەڵام زمانی نووسین نزیك ترە لە زمانی باڵاو زمانی سەردەمەوە وەك لە زمانی ئەدەبیی. چونکە زمانی نووسین شێوەی نووسینی سەرەکیی زمانی باڵایەو ئێمەیش زمانی باڵا بە یاساو نەرێتەکانی زمانی نووسین دەنووسینەوە. زمانی نووسین، لە ڕووی گۆکردنەوە، بە تەواویی لە زمانی چێکییەوە وەرگیراوە، کە Spisovny ەو ڕووسییەکەیشی jazy'k 'is`mennyj یە.

### ٤-٣/٣) زمانی سەردەم

زمانی سەردەم بۆ زمانی باڵاو زمانی نووسین و زمانی ئەدەبیی و زمانی کولتوور و زمانی یەکگرتوو دانراوەو بەکاربراوە. ڕەنگە زاراوەی "زمانی سەردەم" لە زمانی ئینگلیزییەوە S tandard Language خواسترابێت و بڵاوبووبێتەوە. ئەگەر زمانێك بکرێت بە زمانی سەردەم، ئەوا لە پێشدا زمانی نووسینی بە لایەنە کۆمەڵایەتییەکەوەی دەبەسترێت؛ بەواتا لەم ڕێگەیەوە لە زمانی باڵای نزیکدەکەنەوە =لەبەرئەوەی لە دوای ئەمە دەنووسرێت= و ئەمجا بە فەرمانێکی وەزارەت زمانە باڵاکە دەکرێت بە زمانی شێوازبەند و زمانی نووسینی قوتابخانەو دەزگاکانی میریی وڵاتەکە. پاش جێبەجێکردن و تەواوکردنی ئەم هەنگاوانە، نووسراوو بڵاوکراوەو پەرتووکەکانی گشت قوتابخانەو زانستگەو زانستگاکان لەگەڵ فەرمانگەو فەرمانگاکان بەو زمانە دەنووسرێن و چاپدەکرێن.

### ٥-٣/٣) زمانی یەکگرتوو

(ا) لەسەرەتادا نەبوونی زمانێکی یەکگرتوو وەك هۆیەکی گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتن بۆ گشت دەوڵەتەکان کێشە دیاردەیەکی نێونەتەوەیی و جیهانیی بوو. بۆ ئەم مەبەستە، لە سەرەتادا، بیر لە زمانێکی دروستکراو کرایەوە، کە ببێت بە زمانێکی نموونەیی بۆ گشت مرۆڤەکانی دنیا. ئەو زمانەی پاشان بە زمانی ئێسپەرانتۆ E speranto ناسراو

---

[١٨] مەبەست لە شێوەیەکی نووسین، ڕژێمێکی ئەلفوبێی پیتە، وەك ئەلفوبێی عارەبیی یان لاتینی، یان ڕژێمی برگەی نووسینە ... هتد؛ چەشنی شێوەی نووسینیش وەك پیتە عارەبیی و یۆنانیی و لاتینیی جۆرجیی و ئەرمەنییەکان ... هتد.

[١٩] بڕوانە: P. Eisenberg und H. Günther (1989); M. Kohert (1987)

[٢٠] مەبەست لێرەدا لە زمانی ئەدەبیی، ئەو زمانە ئەدەبییە ئەورووپییەیە، کە لەهەمان کاتدا لە هەموو ڕوویەکەوە زمانی باڵایەو لەگەڵ زمانە ئەدەبییەکانی ڕۆژهەڵاتدا بەراورد ناکرێن؛ لەوانە زمانی ئەدەبیی و زمانی باڵای ئەڵمانیی باشترین نموونەن بۆ بەراوردکردن.

بنەماکەی ڕێزمانی زمانە سروشتییەکان بوو، داهێنرا. داهێنانی ئەم زمانە بۆ مەبەستی ڕامیاریی و ئابووریی وڵاتان بوو. پرۆژەکە کاری پێکراو زمانەکە هێنرایەکایەوەو بەکاربراو سەرکەوتوو نەبوو.

(ب) کە کورد بیر لە زمانی یەکگرتووی کوردیی دەکاتەوە، مەبەستی لەیەکدان و موتوربەکردنی دیالێکت و زارە سەرەکییەکانی زمانی کوردییە، بۆ گشت کۆمەڵگای کوردیی؛ ئاشکرایە، کە پاشانیش دەیانەوێت زمانە یەکگرتووەکە بکەن بە زمانی سەردەم. زمانە سەردەمییەکەیش لە چێوەی مۆدێلی ڕێزمانەکەی چۆمسکیی گەشەی پێدەسەندرێت و دەکرێت بە زمانی باڵای کوردیی؛ ئەو هەست و ویستەی لە پشت ئەم پرۆژەیەوەیە، هەست و ئارەزووی نەتەوەییە. لە ڕەوتی ئەم گەشەکردنەدایە، پێویستیکردووە، زمانی سەردەم بێتەکایەوەو گەشەی پێ بدرێت.

ئەوەی بە پێویستی دەزانم، لێرەدا بگوترێت ئەوەیە، کە دیالێکتە سەرەکییەکانی زمانی کوردیی لە ڕووی ڕێزمانەوە لەیەك دوورن؛ هۆو هۆکاریش بۆ ئەم ڕاستییە تاڵە زۆرن. ڕەنگە منیش، وەك هەندێك لە زمانەوانەکانی تر، لەو باوەڕەدا بم، کە هێنانەکایەوەو گەشەکردنی زمانێکی یەکگرتووی کوردی، ئەمڕۆ لەم هەلومەرجەدا گەلێك سەخت بێت؛ نە بارە ڕامیارییەکەو نە ئەو کەلێنە نالەبارەی لە نێوان دیالێکت و زارەکاندا هەن، ڕێ بە هەنگاونان بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێکی لەم شێوەیەو بەدیهێنانی ویستێکی لەم چەشنەمان دەدەن. ئەمڕۆ گرنگ تر ئەوەیە، بۆ هەر یەکێك لە دوو دیالێکتە سەرەکییە فەرهەنگێکی باڵاو زمانێکی سەردەممان هەبێت. گونجاو ترو ڕاست ترە، گەر کرمانجی خوارو =زاری سلێمانیی=، وەك چۆن ڕۆشتووە، وەك زمانی باڵاو شێوازبەندی کوردیی بەکاربرێت. ئەوەی بە چاکیشی دەزانم ئەوەیە، کە بۆ هەردوکیان پەنا ببرێتە بەر یەك ڕژێمی نووسین، ئەلفوبێی عارەبیی یان سستێمی نووسینی لاتینی. لەبەرئەوەی زمان "هۆیەکی لەیەکگەیشتن و گفتوگۆکردنە" و مەبەستمانە ئەم پرۆسەیە لە نێوان قسەکەرانی کرمانجی سەروو وە کرمانجی خوارووی کوردییدا سەرکەوتوو بێت، وە لەبەرئەوەی زمانی نووسینی کرمانجی سەروو لاتینییە، بە گونجاوو ڕاستری دەزانم، گەر بۆ کرمانجی خواروویش هەمان ڕژێمی نووسین بەکاربرێت.

## ٤/٢) زمانی باڵای زمانی کوردیی

لێدوان و ڕوونکردنەوەکانی سەرەوە دەریدەخەن، کە زمانی باڵا زمانی سەردەمەو گەشەی پێدراوەو خاوەنی دروستنووسین و خاڵبەندیی و فەرهەنگی باڵای خۆیەتیی. تیۆریی و مۆدێلی ڕێزمانەکەی چۆمسکی بنەمای قوتابخانەی زانستی زمانی جێبەجێکردنن Applide Linguistic. جێبەجێکردنی زانستەکە لە بواری زانستی زمانی دەروونیی و پەروەردەکردن و زمانپژان و فێرکردنی زماندایە. کەواتە ئاشکرایە، بۆچی منێکی کورد و زمانەوان، بۆ خزمەتکردنی زمانی دایکم، پەنام بردۆتە بەر قوتابخانەکەی چۆمسکی: لە فەرهەنگی باڵادا ئاستی بنەڕەتی وشەکان، بە پێی لێکۆڵینەوەو پشکنینی بەشەپێکهاتەکانی وشەسازیی و دەنگسازیی و واتاو واتالێکدانەوەی ڕێزمانی کوردیی، لەگڵ واتاو بەکارهێنانەکانیان دەنووسرێنەوە[٢١]. مۆدێلی ڕێزمانەکەیش ئاستی قووڵی ڕستەسازیی و ئاستی ڕووکەش

---

[٢١] بڕوانە: حەمەسەعید محەمەد، "فۆنۆلۆژیی کوردیی" (١٩٩١)

یان ڕواڵەتی هەیە، کە لەلایەکەوە بە ئاستی فۆنۆلۆژیی و لەلایەکی تریشەوە بە ئاستی لۆژیکییەوە بەستراوەتەوە. وشەکان، چۆن لە فەرهەنگدا نووسراونەتەوە، هەر وایش لە فەرهەنگەوە دەهێنرێنە ناو ئاستی قووڵەوەو بێ کەم و زیاد لە ئاستی قووڵدا دەنووسرێنەوە. کەواتە ئاستی بنەڕەت و قووڵی زمانەکە بناغەی زمانی باڵایە؛ جۆرەکانی دەربڕینی وشەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی بۆ زمانی باڵا هەڵ نەبژێردراون. ئەم دەربڕاوانەی لای خوارەوە، چەند نموونەیەکی کەمن و مەبەستەکەم ڕووندەکەنەوە:

| وشەکان لە ئاستی قوڵدا | وشەکان لە ڕواڵەتدا (جۆرەکانی دەربڕینی هەر وشەیەك) |
|---|---|
| هێندە | هێننە ، هێنە ، هێنگە |
| زیندوو | زیننوو ، زینگوو |
| پازدە | پانگزە ، پانزە |
| دەست | دەس |
| دەستەمۆ | دەسەمۆ |
| دەستباز | دەسباز ، دەزباز |
| دەچێت | دەچێ |
| لێپرسراویت | لێپرسراوی |
| لە دوورەوە | لە دورۆ |
| بە دەستەوە | بە دەستۆ، بەدەسەوە |
| خواردمەوە | خواردمۆ |
| گوتی | وتی |

| زمانی باڵا | زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە (جۆرە ئازادەکانی دەربڕینی ڕستەکانی زمانی باڵا) |
|---|---|
| ئازیز بەدەست ناندەخوات. | ئازیز بەدەس نان ئەخوا. ئازیز بەدەس نانەخوا.<br>ئازیز بەدەس نان ئەخوا. ... |
| هێندەی نەمابوو، لەگەڵمدابکەوێتە دەستبازیی. | هێننەی نەمابوو، بکەوێتە دەزبازیی، لەگەڵما.<br>هێنگەی نەمابوو، لە گەڵما بکەوێتە دەسبازیی. ... |

ئەوەی لە زمانی نووسیندا ڕەچاوی دەکرێت و بە بنەمای زمانی باڵا ناسراوەو دەناسرێت، (ا) پەیڕەویکردنی چۆنیەتی ڕیزبوونی وشەکانە لە ڕستەدا لەگەڵ (ب) شێوازی ڕاست و دروستی دەربڕینەکنیان. هەرچی سەر بە ڕیزبوونی وشەیە

له‌ ڕسته‌دا، ئه‌وا لامان ئاشكرایه‌، كه‌ كردار به‌ پێی پرنسیپی .S..O.V له‌ كۆتایی ڕسته‌دایه‌و به‌ركاریش له‌ پێشیه‌وه‌ دێت؛ ئه‌م پرنسیپه‌ به‌ته‌نها ئه‌و ڕستانه‌ ناگرێته‌وه‌، كه‌ كرداره‌كانیان جوڵه‌و ئاڕاسته‌كردنیان تێدایه‌. وشه‌ له‌م چه‌شنه‌ ڕسته‌ هه‌لگۆێزراوانه‌دا ڕیزبوونی .S.V.O یان هه‌یه‌[٢٢]. به‌شی بكه‌ری ڕسته‌ ده‌توانرێت، وه‌ك له‌ زمانه‌ بكه‌ره‌خراوه‌كاندا[٢٣] هه‌یه‌، فۆنه‌تیكی به‌رجه‌سته‌ بكرێت و بهێنرێته‌ دیتن یان نا. چاكتره‌، به‌شی بكه‌ری شاڕسته‌ له‌ زمانی نووسیندا به‌ته‌واویی بنوسرێت. ئه‌مه‌ به‌شێوه‌یه‌كی سه‌ره‌كیی بۆ ئه‌و كرداره‌ ئالۆزانه‌ ده‌خوات، كه‌ به‌ركاریان تێئاخنراوه‌.

| ئاستی قووڵی ڕسته | ئاستی ڕووكه‌شی ڕسته |
| --- | --- |
| (ئازین) بۆ بازاڕ ده‌چێت. | (ئازین) ده‌چێت بۆ بازاڕ. / بۆ بازاڕ ده‌چێت. / ده‌چێت بۆ بازاڕ. |
| (ئێمه‌) به‌ ده‌ست نان ده‌خۆین. | (ئێمه‌) نان به‌ ده‌ست ده‌خۆین. / ئێمه‌ به‌ده‌س نان ده‌خۆین. / به‌ده‌س نان ده‌خۆین. |
| كه‌ (من) هاتم، ئه‌و نوستبوو. | كه‌ هاتم، نوستبوو |
| (ئازاد) حه‌زده‌كات، (pro) بڕوات. | حه‌زه‌كات، (pro) بڕوات. |
| (من) تۆ ده‌گرم. | (من) ده‌تگرم. / ده‌تگرم. |
| (من) ئاوه‌كه‌ ده‌خۆمه‌وه‌. | (من) ده‌یخۆمه‌وه‌. / ده‌یخۆمه‌وه‌. |

دیاره‌ شێوازی زمانی نووسین له‌ شێوازی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانه‌ زۆر جیایه‌و وێنه‌ی ڕاسته‌قینه‌ی شێوازی زمانی ئاخاوتنی باڵایه‌و سنووری لایه‌نه‌ جوان و به‌نرخه‌كانی ئه‌میشی بڕیوه‌. شێوازی زمانی نووسینی پارچه‌یه‌كی هونه‌ریی یان په‌خشانێك جیاوازه‌ له‌ شێوازی زمانی نووسینی نامه‌یه‌ك بۆ براده‌رێك یان له‌ هی داواكارییه‌ك، كه‌ بۆ ده‌زگایه‌كی میریی ده‌نوسرێت.

---

[٢٢] سه‌باره‌ت پرنسیپه‌كانی .S.V.O. / S.O.V ی ڕیزبوونی وشه‌ له‌ ڕسته‌ی كوردیی (زاری سلێمانیی) دا، بڕوانه‌ حه‌مه‌سه‌عید (١٩٨٨، ١٩٩٩)!

[٢٣] ئه‌و زمانانه‌ی جێناوی لكاوی كردارییان له‌ كه‌س و ژماره‌و توخمدا زه‌نگینه‌، به‌شی بكه‌ره‌كانیان یان ده‌بیسترێن یان نا؛ ده‌ربڕینی به‌شی بكه‌ر به‌ ویست و ئاره‌زووی قسه‌كه‌ره‌كانیان ده‌بێت. ئه‌م دیارده‌یه‌یش ده‌ستوورو یاسای ڕسته‌سازیی و ده‌نگسازیی خۆی هه‌یه‌. ئه‌و زمانانه‌ی ئه‌م خه‌سڵه‌ته‌ سینتاكسییه‌یان هه‌یه‌، به‌ "زمانه‌ بكه‌ره‌ خراوه‌كان" pro-drop languages ناسراون؛ زمانی كوردیی و زمانی ئیتالیی و زمانه‌ سامییه‌كان له‌و چه‌شنه‌ زمانانه‌ن:

(من) ناوم ئازیزه‌. (pro) ناوم ئازیزه‌. (pro) ده‌مه‌وێت، (pro) بڕۆم. بڕوانه‌: Borer, H. (1979); Rizzi, L (1982, 1986)

| شێوازی زمانی نووسین | شێوازی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە |
|---|---|
| ئەگەر ڕێ بدەن و بفەرموون، یەك كیلۆ سێوم دەوێت. | كاكە ! كیلۆیەك سێوم نادەیتێ !<br>كیلۆیەك سێوم بدەرێ !<br>كاكە ! نایەیت تا ئێرە. |
| بەڕێزو خۆشەویستم، هیوادارین بە دیدارت چاومان ڕوون ببێتەوە . | |
| خوات لەگەڵ ...<br>خوا ئاگای لێت بێ ...<br>خوا ئاگادارت بێت ...<br>بە خوات دەسپێرم ... | خوا حافیز ... |
| خۆش هاتیت ...<br>خۆشیت هێنا بێت ... | بەخێر بێیت / بە خێر بێی ... |

ئەگەر ئێمە پەیدابوون و گەشەكردنی زمانێكی باڵای كوردی مەبەستمان بێت، ئەوا چاكترە، هەر لەم ڕۆوە دەستپێ بكەین، زمانی نووسین و زمانی باڵا لە ئاخاوتنی ڕۆژانەو نووسینەكانماندا بەكار ببەین. بەتایبەتیی پێویستە چینی خوێندەوارو توێژی ڕۆشنبیران ئەمە بە جێبەجێكردنی ئەركی نەتەوەیی خۆیان بزانن و هانی كەسوكاریان بدەن و ببن بە ڕێنیشاندەر بۆ هەموان. ئەگەر لە ئامادەكردن و نووسینی ڕۆژنامەو گۆڤارەكاندا پەیڕەویی ئەو تەوەرو لایەنە ڕێزمانییانەی سەرەوە نەكرێت، ئاشكرایە، كە ئەو ڕۆژنامەو گۆڤارانە نەك بەتەنها ئاستی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەو گۆڤاریان نابێت، بەڵكو چەواشەكەرو سەرلێتێكدەریش دەبن.

كەواتە لەم ڕۆوە زمانی نووسین یان زمانی باڵاجێگەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە دەگرێتەوەو خوێندەواران بەو زمانە دەدوێن و دەنووسن. زمان هەڵسوكەوتە؛ لەم ڕێگەیەوەیە ڕفتارو هەڵسوكەوتی بەرزو بەجێیان دەخەنەڕوو. ئەم كارە ڕێگە لە كەسانی تری كۆمەڵگای كوردەواریی ناگرێت، بەردەوام بە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەیان بدوێن و دیالێكت و زاراوەی خۆیان لە خزمەتی خۆیاندا بەكاربیەن.

## سێ هەم: ئەو فاكتەرانەی زمان و شێوازی زمان لە ڕۆژنامەگەرێتییدا دیارییدەكەن

لە مێژەوەیە، ویست و ئارەزووی ئێمەی خوێندەوارو دەستەی ڕۆشنبیری كورد بووە، زمانی یەكگرتوو یان زمانی باڵای كوردیی ببێتە زمانی ئاخاوتن و نووسینی شێوازبەندمان. گەرچی ڕێزمانی دیالێكت و زارەكانی زمانی كوردیی و باری ڕامیاری ئەمڕۆی كوردستان بە گشتیی و هی خوارووی كوردستان بەتایبەتیی هەلومەرجی هێنانەدیتنی ئەم

ئاواتەمان بۆ ناڕەخسێنن، نابێت ڕەشبین بین و ئاوات و هیواکەمان بنێینە گۆڕ.

لەلایەکەوە لەبەرئەوەی دەتوانرێت زمانی سەردەم بەدەست بخرێت و گەشەی پێ بدرێت و بکرێت بە زمانی باڵا، وە لە لایەکی تریشەوە لەبەرئەوەی هەر یەکێك لەو دیالێکتانە دەتوانرێت بکرێت بە زمانێکی باڵا، من بە باشی دەزانم لەم ڕێوە هەر یەکێك لەو دوو دیالێکتە سەرەکییە بکرێت بە زمانی باڵاو هەر یەکەیان فەرهەنگێکی باڵای خۆی هەبێت؛ خوێندەوارو ڕۆشنبیرانیش لەسەریانە زمانە باڵاکان لە ئاخاوتن و نوسیندا لە خزمەتی خۆیاندا بەکار ببەن. ئەم پرۆسەو کردە زانستییەمان زەمینە بۆ ئایندەی دوور یان نزیك خۆشدەکات، هەردوو زمان و فەرهەنگە باڵاکە لەیەك بدەین و لەگەڵ یەکدا موتوربەیان بکەین و لەم ڕێگە زانستییەوە زمانێکی باڵای یەکگرتوو بهێنینەکایەوە. تا کاتی نووسینەوەی ئەم گوتارە کرمانجی خواروو ڕۆڵی زمانی باڵای بۆ کوردستانی خواروو بینیوە، بۆیە پێویستە تا ئەو کاتە چاوەڕێلێکراوە لەلایەن هەموانەوە هەر وەك زمانی شێوازبەندی کوردیی دامودەزگاکانی حکومەتی کوردیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئەگەر زمانی یەکگرتوومان بۆ نەڕەخسا، هەر وەك چۆن هەندێك لە زمانەوانەکان ئەم بۆچوونەیان هەیە، ئەوا کرمانجی خواروو بە زمانی شێوازبەند دەمێنێتەوەو بەردەوام گەشەش بە کرمانجی سەروو دەدرێت.

گریمان ئێمە بەمە ڕازیی بووین و دیالێکتی کرمانجی خواروومان وەك زمانی شێوازبەند بۆ زمانی ئاخاوتن و نووسینمان بەسەرکەوتوویی بەکاربرد، پرسیارێکی پەیوەست بە ڕۆڵی زمانەوە لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەریتیدا لە لێدوانەکانماندا سەرهەڵدەدات و خۆی دەهێنێتە پێشەوە، بەم شێوەیە دادەڕێژرێت: کامانەن ئەو لایەن و پرۆسێسانەی کار دەکەنە سەر زمانی ڕۆژنامەگەریتیی؟ وەڵامی ئەم پرسیارە، بەر لە هەموو شتێك، بەستراوە بە تیۆرییەکانی ڕۆژنامەگەریتییەوە؛ بۆیە من لەم بەشانەی لای خوارەوەدا خۆم بەلایەنەکانی ئەم بابەتەوە خەریکدەکەم.

### ١) تیۆرییەکانی ڕۆژنامەگەریتیی[٢٤]

تیۆرییەکان بەشێوەیەکی گشتیی بەستراون بە باری ڕامیاریی و دەستەڵات و پێشکەوتنەوە؛ لەوانە:

#### ١/١) تیۆریی دەستەڵات

دەوڵەت ئەوە پەخشدەکات، کەلە بەرژەوەندیی خۆیەتی و بیری تاکەکەس و بیری ئازاد قۆرخدەکات؛ سانسۆر دادەنرێت و پێنووسی نەزۆك دەکردرێت. ڕۆژنامەگەریتیی شێوەی فەرمان وەردەگرێت و نووسەر لە نووسین و بەکارهێنانی زمانەکەیدا ئازاد نییە. ڕۆژنامەگەر بابەتەکانی هەڵ نابژێرێت. کەواتە بە خواست و ویستی خۆی بابەتی نووسینەکانی دیاریی ناکات؛ بەم پێیە زمانی نووسینی ئەم دەستە بێ هەڵوێستەیە، کە بابەتەکان دەستنیشانیان دەکەن؛ زمانی نووسینەکانیان هەمیشە لەگەڵ ناوەڕۆکی بابەتەکاندا، کە لەسەریان یان لە بارەیانەوە دەنووسن، یەك ناگرنەوە. ئاشکرایە، کە بە دەگمەن نووسەری خاوەن فەرهەنگ و زمانی تایبەت بەخۆی دەبینرێنەوە. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە، کە خەڵکیی هوشیاردەبن و بە دوای هەواڵ دەکەون و لە هەواڵ دەگەڕێن.

---

[٢٤] م. محەمەد دلێر محەمەد ئەمین "بنەماکانی ڕۆژنامەگەریتیی ( ٩/٢، ٩/٥ وە ١٩٩٩/٩/٦)

چونکە ئازادیی ڕاگەیاندن نییە، ڕۆژنامەنووس ناتوانێت ڕاستەوخۆ بنووسێت. ئەم دەستەیەی نووسەران بەهەڵوێستن و ڕەمز بەکاردەبەن: بۆ ئەم مەبەستەیش کەسان و ڕووداوی مێژوویی هەڵدەبژێردرێت و ئاخاوتنی ڕۆژانەو ساکاری ناوبازاڕ - بە نەرێت و یاساکانی زمانی نووسین- برەویان دەبێت؛ زمانی نووسینەکە بە شێوەیەك دەبێت، کە خوێنەران بە گشتیی و ئەو چینانە بە تایبەتیی لێی تێ بگەن. شێوازی زمانی نووسین دەبێت بە ڕێبازێکی ئەدەبیی ڕەمزیی وەها، کە وردبینیی و لێکدانەوەیەکی تەواوی لە خوێنەر دەوێت و بەکارهێنانێکی وشیارانەو زیرەکانەی باشیش لە نووسەر داوادەکات. لەبەر ئەمەیە نووسەری چاکی دەوێت بنووسێت و خوێنەری باشیشی دەوێت، تێی بگات. کەواتە ڕۆژنامەنووس دوولایەنی بیرو شێوازی نووسینی بۆ ووروژاندن و بزواندنی کەسەکان هەیە. کەسەکان گشتیان خوێندەواری باش نین؛ کۆمەڵگای کوردەواریی، لەم ڕووەوە، دوو چینی جیاوازی بۆ نووسەران هەیەو ڕەنگە بۆ هەر چینێك بە زمانی ئاخاوتنی خۆی بنووسێت. ئەگەر وەها بێت، ئەوا دوو جۆر ڕاگەیاندن دەبێت. جۆری سێ هەم ئەوەیە، بە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەو جەماوەر بنووسرێت و زمانی نووسینەکەیشی دەستوورەکانی زمانی باڵا نەبێت. ئەو سیانەیش ئەمانە دەبن، کە (ب) و (پ) یان زمانی میللیی و جەماوەر پێکدێنن و لە تیۆریی ئازاددا ڕۆڵی گرنگیان دەبێت:

(ا) ڕێبازێکی زمانی ڕەمزیی و باڵا (بە زمانی نووسینی باڵاو شێوازە باڵاکەیەوە)،

(ب) ڕێبازێکی ئەدەبیی ڕەمزیی ڕۆژانەو ساکار (بە زمانی ڕۆژانەو شێوازەکەیەوە؛ بەڵام بە دەستووری یاسا مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژییەکانی زمانی نووسینی زمانی باڵا)،

(پ) ڕێبازێکی زمانی ڕەمزیی و ڕۆژانە، کە ئاست و شێوەی زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانە، بەتایبەتیی لە ڕووی مۆرفۆلۆژیی و فۆنۆلۆژییەوە، بۆ نووسینەکەی هەڵدەبژێردرێت.

## ٢/١) تیۆری ئازاد

ئەم تیۆرییە تاك بە خەڵکەوە دەبەستێتەوە؛ بۆ ئەوەی کۆمەڵگا چاکبێت، باری بوون و ژیانی تاك لە کۆمەڵگادا چاکدەکات. ئازادی ڕەهاو ئازادی ڕادەربڕین هەیە و زۆر جاریش ڕۆژنامە سنووری ناوچەکەی دەبەزێنێت. تەوەرەکانی تیۆریی ئازاد ئەوەیە، کە تاك ڕۆڵی خۆی هەیە. بۆربۆڕێن و پێشبڕکێی تاك لە بیرو پارەپەیداکردنیشدا هەیە؛ ڕۆژنامەگەرێتیی بیرو ڕایە، چونکەسانسۆرو بەربەست نین. ڕای گشتیی لەم تیۆرییەدا وشیار نییە.

لەڕووی زمانەوە، ئازادی نووسین بە زمانی نەتەوەیی و زمانی میللیی و لەگەڵیدا بە زمانی باڵا هەیە. ڕۆژنامەی گەلیی و ڕۆژنامەی چینەکان دەردەچن. ئەمەیش لەبەرئەوەیە، کە گشت خوێنەران بەئاگاو هوشیار نین. لێرەدایە، کە زمانی باڵاو چینەکان لەگەڕو برەودان. بە شێوەیەکی گشتیی بە زمانی جەماوەر دەنووسرێت؛ بە زمانێك، کە سووك و ئاسانە، بەڵام بە ڕسوایی نانووسرێت. هەڵبژاردنی شێوازی زمانەکەو ڕێبازەکەی بەستراون بە نووسەرو خوێنەرەوە؛ بەستراویشە بە جۆری هوشیاریی و دیسپلینی هەردوك لایانەوە. بەکارهێنانی شێوازو زمانەکەو ڕێبازەکەی بەستراویشن بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتیی و پاراستنی ئاسایش و ماف و بەرژەوەندییەکانی پارتی

دەستەڵاتدارو حکومەتەوە. ناوەرۆکی بابەتەکان و زمانی نووسینەکان یەکدەگرنەوەو نووسەر خاوەنی فەرهەنگ و زمانی خۆیەتی و گەلێك جار بەئاسانیی لە ڕێیانەوە دەناسرێتەوە.

### ٣/١) تیۆریی بەرپرسیاری کۆمەڵایەتیی

ئەم تیۆرییە دوای تیۆریی ئازاد هاتووەو سوودی لە تیۆری ئازاد وەرگرتووە. تیۆرییەکە سەدەی بیست دروستبووەو بەرهەمێکی ئەنگلۆ ئەمەریکییەو لەویۆە دەستبەکاربووە. ئازادیی ڕەها نییە، بۆیە ڕێگری داناوەو ئازادیی بەم شێوەیە پێناسەکردووە: "ئازادیی ماف و ئەرکی تاکە کەسەو یاساو بەرپرسیارێتیی کۆمەڵایەتییە. کەسانی چینی مۆمیاکراو (ڕۆبۆت) لە کەسانی چینی دەستەبژێر (نووسەران و پارتەکان و حکومەت و توێژەکانی سەرەوە، کە کۆنترۆڵی چینی مۆمیاکراو دەکەن، بە وتاری ڕامیاریی دەیان خەڵەتێنن) دەپارێزێت".

ڕۆژنامەگەرێتیی لە جوغزی پارتەکان دەردەچێت و ڕەخنەو گازندەی تێدایەو ڕۆڵی چاودێر بەسەر دەستەڵاتی ڕامیارییەوە دەبینێت؛ ڕای گشتیی، کە وشیارە، بۆ چاکسازییە لە پرۆگرامی حکومەتداو بەرژەوەندیی نەتەوەیی دەپارێزێت، بۆیە سانسۆری پێش بڵاوکردنەوە هەیە[٢٥]. ڕای گشتیی وشیارە. چاککردنی تاك بۆ چاککردنی کۆمەڵە. نووسین دەبێت بە وردیی بێت و نووسەر دەبێت زۆر بە ئاگا بێت. نووسینەکان، چ لە ڕووی ناوەرۆکەوەو چ لە ڕووی زمانەوە، دەبێت بە شێوەیەك دابڕێژرێن، کە کۆمەڵگا لە ناو خۆیدا لەیەك جیانەکاتەوەو کۆمەڵگاو حکومەت لەیەك نەترازێنێت؛ زمانی باڵا، بە بۆچوون و تێڕوانینیی من لە زمان، گونجاوترین هۆیەکە بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستانە.

### ٤/١) تیۆریی سۆسیالیستیی یان سۆڤیەتیی

بە بۆچوون و چەمکی سۆسیالیستیی، ڕاگەیاندن ئازادیی و بەرپرسیارییە. ئەمان دەیانەوێت لە ڕێگەی چاککردنی کۆمەڵەوە تاك چاك بکەن. چونکە برسێتیی و نەخوێندەواریی لە ڕژێمی سەرمایەدارییدا هەن، بە بۆچوونی ئەمان، لەو ڕژێمەدا ئازادیی تاکەکەس نییە. دەوڵەت خۆی بە پێی دیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریی ڕاگەیاندنی دەکرد؛ ڕەخنەگرتن بەتنها لە دەزگاکانی دەوڵەتەوە دەکرا؛ ڕەخنەکە بەتەنها لە تەکتیکی دەوڵەتەکە دەگیرا نەك لە ستراتیژییەتی. لەبەرئەمانەیە، ئێمە دەڵێین ئەمەیان تەواوکەری تیۆریی دەستەڵاتە. ڕاگەیاندنەکەی، ڕاگەیاندنێکی سەرکوێرانە بوو، تێیدا کەسان بەرزدەکرانەوەو زل دەکران. زمانی ڕۆژنامەگەرێتیی تێیدا نە ڕۆڵی سروشتیی خۆی دەبینیی و نە بە شێوەیەکی سروشتیی گەشەی دەکرد.

---

[٢٥] سانسۆرەکان، سانسۆری ئاسایی نیین؛ بۆ نموونە ڕەنگە هەواڵەکان لە تەلەفزیۆندا بە بێ گۆڕانکاریی یان بە گۆڕانکاریی کەمەوە بڵاوبکرێنەوە؛ بەڵام لە کاتێکدا هەواڵەکان بڵاودەکرێنەوە، کە زۆربەی زۆری هاووڵاتیان لە خەودان.

١/٥) تیۆریی بەرپرسیارێتیی جیهانیی

ئەم تیۆرییە سەیری جیهان وەك ژینگەیەك دەكات و پاكوخاوێنیی دەپارێزێت. هەرچ كارەساتێك لە هەرچ شوێنێك ڕوویدات، بە كارەساتی جیهانیی دەژمێرن و بە كێشەی هەموانی دەزانن و چارەكردنی لە هەموان چاوەڕێدەكەن. ڕۆژنامەنووسێكی لەم بوارەدا كاردەكات، پێویستە شارەزایی تەواوی لە سروشت و لایەنە ڕامیاریی و ئابوورییەكان و گەشەكردنیاندا هەبێت؛ بەكارهێنانی زمان و زاراوەكانیان، كە جۆرێك لە فەرهەنگی جیهانییان وەرگرتووە، لێزانینێكی تەواو وردیان دەوێت. بۆ بەشدارییكردن لە پاراستنی سروشت و گەشەكردنیداو بۆ دیارییكردنی كاری میریی لەم مەیدانەدا، ئەمانە مەرجی سەرەكیی و بنەماین. من ئەمە بەتەواوكەری تیۆریی ئازادو بەتایبەتیی تیۆریی بەرپرسیاریی كۆمەلایەتیی دەزانم.

٢) بەدەر لە زمان و ناوەرۆك

بابەتەكانی ڕووداوو كارە درێژەكان بە شێوەیەكی گشتیی هەواڵەكان دیارییدەكەن، بەلام ڕۆژنامەوانیش گەلێك جار ئەو كێشانەی شاراوەو نادیارن، دەخاتە ڕوو یان خۆی ناوەرۆكەكان هەڵدەبژێرێت. ئەگەر بابەت و ناوەرۆكەكە باش بوون، ئەوا زمانەكەیش چاك دەبێت؛ ئەمانەیش وابەستەی هەندێك لایەنی ترن:

(ا) ئەگەر هەواڵەكان بۆ جەماوەر گرنگ و بەبایەخ بوون و گەرماوگەرم گەیشتنە دەست جەماوەر، ئەوا ناوەرۆكەكەی كاریگەرتر دەبێت و زمانەكەیشی باش دەبێت؛ زمانەكەی كاتێك باش تر دەبێت، كە وشەو ڕستەكانی لەگەڵ ناوەرۆكەكەیدا گونجاو بن و جەماوەر لە زمانەكەو لەڕێی زمانەكەوە لە ناوەرۆكەكەی بگات.

(ب) مەرجی بنەماییش بۆ تێگەیشتن لە زمانەكە ئەوەیە، كە هەواڵەكە بە زمانی چین و توێژەكانی كۆمەڵگا نووسرابێتنەوەو لەگەڵیاندا یەك بگرنەوە: ڕۆژنامەوان بە زمانی بالا بۆ چینی ڕۆشنبیران و بە زمانێكی سادەو ساكار بۆ توێژەكانی تر دەنووسێتەوەو بۆ هەر یەكەیان وشەو زاراوەو ڕستەی خۆیان دەهێنێتەوە. لەگەڵ ئەمانەیشدا وشەو ڕەمزو ڕستەكان لەگەڵ ناوەرۆكی بابەتی هەواڵەكەدا یەكدەگرنەوەو یەك تەواوكەری ئەوی دی دەبێت. ڕەچاوكردن و بەكارهێنانی دەستوورەكانی دروستنووسین و خاڵبەندیی بەسەركەوتوویی بۆ گشت چەشن و جۆری نووسینەكان بۆ تێگەیشتن و كاركردنە سەر خوێنەر گەلێك گرنگن.

لە كاتێكدا خاڵی دووهەم بۆ ڕۆژنامە دەخوات و بۆ گۆڤار ناخوات، چونكە گۆڤار بە كاتەوە نەبەستراوە، مەرجە بنەماییەكان بۆ گۆڤار هەمان كاریگەرییان هەیە.

٣) ژیان و ڕۆژنامەگەرێتیی بەیەکەوە لە گۆڕاندان[٢٦]

لەبەرئەوەی ژیان لە گۆڕاندایە، ڕۆژنامەگەرێتیش لەگەڵیا دەگۆڕێت و خۆی دەگونجێنێت. گۆڕینی حوکم و تیۆرییەکانی دەستەڵات و ئازادیی و ... هتد بنەمای ئەو گۆڕانکارییانەن. بارو دۆخی هەریەکێك لەو قۆناغانە ئامانج و خۆزگەی نوێ دەهێننەکایەوەو ئامانج و خۆزگەکانیش بابەت و ناوەرۆکەکانیان دەستنیشاندەکەن و ئەمانیش شێوازو ئاستی زمانەکە دیارییدەکەن. گەشەکردنی بارودۆخەکان، گەشەکردن و پەرەسەندنی ڕۆژنامەگەرێتیش هاوتەریبی یەکترین. دیارە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستییە، بە کورتەی ڕۆژنامەگەرێتیی نوێی کورددا، دەچینەوە:

هەواڵەکان لە شاخ بۆ شۆرش و چالاکیی پێشمەرگەبوو، دواجار بەرنامەکە بۆ هاندانی خەڵك ئامادەدەکرا، بۆ ئەوەی دژ بە میریی و دژ بە کردن بەعەرەب و گواستنەوەی بەزۆری کورد بووەستنەوە. ساڵانی ١٩٨٢ ئەدەبیات کەوتە ناو بڵاوکراوەکانەوەو لە ڕێی ئەدیب و نووسەرانەوەو بەیاریدەی ئەوان "شەرارەو ڕێباز" دەرکران. زمانی ئەو کاتەو ساڵانی ١٩٨٤ و ١٩٨٥ زمانی هەوڵدان و هاندان و کارکردن بوو؛ ئەو ڕۆژانە هەست و ڕۆح گەورەتربوون و باشتر هەوڵدەدرا، بۆیە زمانەکەی ئەو سەردەمە باشتر و پاراوتر بوو. لە ساڵەکانی ١٩٨٥ تا ١٩٨٧ دا ڕاگەیاندن لە خوارووی کوردستاندا گەشەیکردو هێرشی کیمیاباران زمانی ڕاگەیاندنی گۆڕی.

لەپاش ڕاپەڕین ڕاگەیاندن لە خزمەتی هوشیارکردنەوەو فێرکردن و دروستکردنی دیمۆکراسییدا بوو. دوای پەیدابوونی تەلەفزیۆنی کوردیی لە ساڵەکانی ١٩٩٢/١٩٩٣ ەوە پێشبڕکێ هاتەکایەوە؛ ڕاگەیاندن بۆ هەڵبژاردن و دروستکردنی پەرلەمان و ڕوونکردنەوەی ئەرك و فەرمان بوو. هەر ئەو ڕاگەیاندنە ڕۆڵێکی نابەجێ و ناڕەوای بەخۆیەوە دیی؛ ڕاگەیاندن لە شەڕی ناوخۆدا جۆرێك لە داشۆرین و جنێوی سیاسیی و سوکایەتیی هێنایەکایەوە. ئەمڕۆ ڕاگەیاندن بۆ کارکردنەو بۆ بەدیهێنانی ئاشتیی و پاراستنی ئاسایشەو بۆ خستنەڕووی کاری دزێوە ... بریا ئەو ڕاگەیاندنە بۆ برایەتیی و پاراستنی یەکێتیی نەتەوەیی و ڕەخساندنی هەلومەرجی پێویست، بۆ بەدیهێنانی بوونی ڕامیارییەکی ڕاستەقینە بووایە ! ڕەشبین نین و گومان لەوە ناکەین و ئەو ڕۆژەیش زۆر لێمانەوە دوور نییە.

---

[٢٦] نەوشیروان مستەفا "نووسینی ڕۆژنامەگەریی" (١٩٩٩/٨/٢٨)؛ قادر حاجی عەلی "ڕۆژنامەگەریی شاخ: ئەزموون و لێکدانەوە" (١٩٩٩/٨/٢٤)

# کورتەو پوختەی لێدوانەکە

زمانەوانیی لە ڕۆژنامەگەریتییدا پسپۆڕییە لە بەشەپێکهاتەکانی ڕێزماندا (ڕستەسازیی، وشەسازیی، دەنگسازیی، واتاو واتالێکدانەوە) و شارەزاییەکی تەواوە لەو ئۆرسۆگرافییەدا، کە لەسەر بناغەی ئەو بەشەپێکهاتانە داڕێژراوە. بەکارهێنانی گونجاوی ئەو پسپۆڕییە لەگەڵ ناوەرۆکی بابەت و شوێن و کاتی ڕووداوەکان و زمانی چینەکاندا، سەرکەوتنی ڕۆژنامەوان مسۆگەردەکەن. چونکە گەشەکردنی کەناڵ، وەك ئامرازێکی ڕاگەیاندن، گەشەکردنی تەکنەلۆژیی و زمان دەگرێتەوە، "زمان" لە گشت دۆخەکانی ئەو ڕاگەیاندنەدا بنەمایەکی سەرەکیی ئەو گەشەکردنەیە.

مەبەستیش لە "زمان" زمانی نووسین و زمانی ئاخاوتنە.

بۆ مەبەستەکانی ڕۆژنامەوانیش، زمانی نووسینی ڕۆژنامەو گۆڤارو ... هتد لە زمانی نووسینی پەرتووك و سەرچاوەزانستییەکان جیاکراونەتەوە. ئەو زمانەی ڕۆژنامەوان، وەك کەسێکی ڕۆشنبیر بۆ بزواندن و وشیارکردنەوە بەکاری دەبات، زمانی باڵایە. ئاستی قووڵ و بنەڕەتی زمانی ئاخاوتنیش بۆ زمانی باڵا هەڵ بژێرراوەو تەرخانکراوە. هەتاوەکو ئەمڕۆیش زمانی ئاخاوتنی کرمانجی خواروو (ناوەڕاست) بەسەرکەوتوویی بۆ ئەم بەستە لەکاردا بووە. لەتەك ئەمەدا، زمانی چینەکانی کۆمەڵگا بۆ توێژەکان و بابەتەکانی خۆیان بەکاربراون. بۆیە پێویستە، زمانەوان شارەزاییەکی لە زانستی زمانی کۆمەڵایەتییدا هەبێت.

پڕۆسەکان و ئەو لایەنە جیاوازانەی، کاردەکەنە سەر زمانی ڕۆژنامەگەریتیی ڕاستەوخۆ بە تیۆرییەکانی ڕۆژنامەگەریتییەوە بەندن؛ لەگەڵ ئەم ڕستییەشدا نابێت لەبیرمان بچێت، کە لایەنی تریش هەن، کاریگەریتییان لەسەر ڕۆژنامەگەریتیی گەلێك مەزنە: ئەو لایەنانە بەدەرن لە زمان (بابەت و ناوەڕۆك) و خۆیشیان وابەستەی فاکتەری ترن. یەکێك لەو فاکتەرانە گۆڕانکاریی و گەشەکردنی ژیان و ڕۆژنامەگەریتییە بەیەکەوە.

## سەرچاوەکان


(١) خولی ڕۆژنامەگەریی ٢١/٨/ -٩/٩/١٩٩٩ : میدیای ناوەندی زانکۆ بە هاوکاری کۆلێژی زانستی مرۆڤایەتیی:

قادر حاجی عەلی، "ڕۆژنامەگەریی شاخ: ئەزموون و لێکدانەوە"، سەمیناری خولی ڕۆژنامەگەریتیی ٢١/٨ تا ٩/٩/١٩٩٩

محەمەد دلێر ئەمین محەمەد، "بنەماکانی ڕۆژنامەگەریتیی"؛ سەمیناری خولی ڕۆژنامەگەریتیی ٢١/٨/ تا ٩/٩/١٩٩٩.

نەوشیروان مستەفا، "مێژووی ڕۆژنامەگەریی لە سلێمانیی"؛ سەمیناری خولی ڕۆژنامەگەریتیی ٢١/٨ تا ٩/٩/١٩٩٩.

نەوشیروان مستەفا، "نووسینی ڕۆژنامەگەریی"؛ سەمیناری خولی ڕۆژنامەگەریتیی ٢١/٨ تا ٩/٩/١٩٩٩.

نەوشیروان مستەفا، "ئەزموون لە گۆڤاری ڕزگاریدا"؛ سەمیناری خولی ڕۆژنامەگەریتیی ٢١/٨ تا ٩/٩/١٩٩٩.


**Bibliography:**


Borer, H., (1979) „Empty Subjects and Constraints on Thematic Relations“; Proceeding of Nels X, Ottawa.
Chomsky, N. (1965) „Aspects of the Theory of Syntax", Cambridge, Mass.
Chomsky, N. (1976) „Reflections on Languages", London, Tempel, Smith.
Chomsky, N. (1981) „Lectures on Government and Binding“, The Pisa Lectures, Foris, Dordrecht.
Chomsky, N. (1982) „Some Concepts and Concequences of the Theory of Government and Binding“, MIT, Cambridge, Mass.
E.W.B. Hess-Lüttich (1987) „Angewandte Sosiolinguistik“; Stgt.
Hamasaeed Mohammed, (1988) "The transformational component and the relation between the syntactic an phonological components in Suleimania-Kurdish“, Ph. Diss., Salzburg .
Hamasaeed Mohammed, "Kurdish-Phonology: south Kurdish", (research project P 7528 PSR (FONDS) at the University of Salzburg (1989-1991).
Hamasaeed Mohammed (1999)"Kurdish-Syntax: south Kurdisch“, Peterlang-Verlag, Frankfurt am Main
H. Löfler (1985) „gemranistische Sosiolinguistik“; Bin.
John Lyons (1981) "Language and Linguistics"; Cambridge Univesity Press
Metzler Lexikon: Sprache; Hsg. Helmut Glück, Stuttgart, Weimar.
M. Kohert (1987) „Theoretische Aspekte der deutschen Orthographie“, Tübengen
P. Eisenberg und H. Günther (1989) "Schriftsystem und Orthographie", Tübengen.
R. Fasold (1984) „The Sociolinguistic of Society"; Oxford, Cambridge, Mass .
Rizzi, L. (1982) "Issues in Italian Syntax", Foris, Dordrecht.
Rizzi, L. (1986) „Null Objects in Italien and the Theory of PRO", LI 17: 501-559.
W. Besch, U. Knoop et al. (1981) "Ein Handbuch zur deutschen und allgemeinen Dialektforschung", 2. Bde. Bin.

## الخلاصة

علم اللغة فى الصحافة العامة اهميته ، اذ انه بالأقسام التى تتركب منها قواعد اللغة :علم الصوت وعلم بناء الكلمة و علم بناء الجملة ، وعلم المعانى ، كذلك يعنى بالكتابة ، الخط المعبر عن أصوات اللغة .

و الاستعمال الصحيح لقواعد اللغة فى العمل الصحفى يضمن نجاح الأعلام المعبر عن طموحات المجتمع ، لأن للغة االصحافة يجب ان تكون في مستوى القارئ العادى ، أى أن تكون لغتها مفهومة و سهلة سواء فى الفردة أم فى بناء الجملة ، وكذلك فى اختيار العبارات السهلة .

علينا أن نميز بين لغة الصحافة اليومية و لغة المجلات و الكتب العلمية و المختصة ، فأن لكل نوع منها خصوصيتها اللغوية ، فاللغة شرط من شريط العمل الفنى .

فالصحفى هو الشخص المثقف الذى يحاول توعية المجتمع و تحريكه من أجل التغيرات العامة فى المجتمع ، فلا يمكن أن يحقق هذه الغاية الا باللغة التى يريدها المجتمع بكافة شرائحه .

ولغة الصحفى هى اللغة المضحى أى اللغة الأدبية الراقية ، فنحن اليوم نستعمل لغة (الكرمانج الجنوبى ) كلغة فصحى فى كردستان العراق .

و الصحفى كذلك يقع تحت تأثير نظريات الصحافة ، و كذلك يقع تحت طائلة أطراف غير لغوية لهم تأثير مباشر على اللغة .

## SUMMARY

Linguistics in general media is specialisation in the grammatical components „Syntax, Morphology, Phonology and Semantics“ with a full knowledge in the orthography of that language, which is based on the above components. The right use of those specific sciences with the appropriate events, subjects, place and time of the events and the best chosen of the language of different levels assure the journalist's success. Chanel-development is the development of technic and language. Language is also one of the basic components of the media-development. We mean by the term „language“ the spoken and written language. For the journalism aims we distinguish between the written language of magazins, newspapers and scientific books. Journalist is an intellectual writer, who motivated people and tries to moove them to general changes. Generally he uses the standard high written language. The underlying level of the spoken language is chosen as a basic of standard language. Till now we are used to use South-Kurdish as a standard language for the whole kurds in Iraki-Kurdistan. Beside this dialect, as an official language of journalism, journalist is in need to have a good knowledge in sociolinguistics. The language of journalism is directly affected by the theories of media. Other aspects have great affects on the language of journalism, which are outside of language –language external affects-. The affect of these factors depend on other language external factors, such as change in live and media.